## هێلانە

سەرگەڵووە!
کەلێك بەسەر شاخانەوە
قۆچی مێژووی لەبەرد دایەو
جەستەی لە ئاوێنەی خۆرەو
ڕۆحی لە مانگەشەودایەو
بازرەقەکەی باڕژنیشی
چەخماخەیەو لە هەورایەو
ئەگاتە خوا!

لەو قۆچەوە دائەبەزم
سەربەرەوخوار، لەگەڵ جۆگەی
خاڵ خاڵ بە سێبەرو هەتاو
نیوەی دیارو
نیوەی ونی ناو گەڵای دار
سەربەرەوخوار لەگەڵ ئاودا دائەگەڕێم
لەگەڵ خەیاڵێکی سەوزا
وەکوو ئێستاو
لەگەڵ خەونێکی پەرت پەرتی
شپرزەدا
وەکوو ئەوسا
دائەگەڕێم
چون داگەڕانی زووی سێبەر
کە نیوەڕوانی ناو دەربەند
لە پڕێکدا
ئەکا بە زەردەی ئێوارە

ئەمجارەیان من تەماشای
بێباکانەم لە جۆگەی ئاو
بێباکترەو دائەگەڕێم.

**چون باڵندەی بێدەربەستی**
**ئاسمانێکی بێ تەیارە.**
**چون سەیرانکەری پاڵکەوتوو**
**لە ژێر کەپرا**
**ترسم نییەو**
**دائەگەڕێم بۆ بەرگەڵوو**
**ئەچمەوە بۆ ژوورەکەی خۆم**
**ئەچمەوە ناو خەونەکانی ئەوساو**
**یادگار ئەدەم بە خۆمدا.**

**سڵاو ئەی هێلانەی شیعر!**
**سڵاو ئەی ژووری بێ ژن و**
**ژووری برسی و**
**ژووری سیخناخ لە تەنیایی و**
**ژووری پڕ پڕ**
**لە وردە ئەستێرەی شکاو**
**لە بیرەوەری بەجێماو**
**سڵاو ئەی هێلانەی شیعر**
**خۆ لە بیرتە سەردەمانێ لە باوەشتا**
**جاری جاران**
**من شیعرم ئەکرد بە نانی**
**کۆڵەپشتو، بە مەتارەو،**
**بە فیشەکو، شیعرم ئەکرد**
**بە گوڵاوو ئەمدایە دەست**
**ئەم دەربەندەو**
**ئەویش لە زامی شەهیدو**
**قژی خۆڵاوی دێهاتو**
**ئەم درەختانەی ئەپرژان.**

**سڵاو ئەی ژووری مامانی**

ئەو کچو کوڕی شیعرانەی
ئەگەر ئەوان نەبوونایە
من سەری وشەم وا بەرزو
ناوچەوانم وەك ئاوێنەی
بەفری سەر دوند
ئاوا ڕووناك
لەبەر دەمتا ڕانەئەگرت!.

سڵاو ئەی بەرگەڵووی داڵدەی
مێژووی بریندای ئێمە وەختی نەهات!
ئەی باوەشی واڵای سپی خۆشەویستیی
بۆ چیرۆكو بۆ هۆنراوەو
بۆ قەڵەمی
ورە سەوزی ناو مەرگەسات
ئەی ئەو كڵاوە بەردینەی
سەری ئێمەت لە ڕێژنەی كارەساتو
لە وەیشوومەی
بەعس پاراست.
لەهەر كوێ بم وەكوو دەستەكانی دایكم
دەستی دەربەندتم لەبیرە..
وەكوو قژی كچەكانم
دەوەندەكانتم لەبیرە.
وەكوو شیعرە گچكەكانم
منداڵەكانتم لەبیرە.
وەكوو شیعری درێژیشیم
ئەم جۆگەیەی تۆم لەبیرە.
سڵاو! ئەی بەرگەڵووی داڵدەی
خامەی بریندای ئێمە وەختی نەهات.
سڵاو ئەی هێلانەی شیعر!
ئەی ئەو ژوورە بچكۆلەیەی

**هەموو شەوێ**

**ئازادیی ئەهاتە ناوتو**

**نیشتمان ئەهاتە ناوتو**

**شەهیدان ئەهاتنە ناوتو**

**جێگەی هەموویشیان ئەبۆوە.**

**سڵاو ئەی هێلانەی شیعر!**